کۆکردنەوەی نۆتە و پشوەکان لەناو بارەکانی موزیک پێکەوە .

١- کۆکردنەوەی نۆتە و پشوەکان لە کێشە سادەکاندا.

کێشە سادەکان: - لە موزیکدا دوو جۆرە کێشمان هەیە کە بریتین لە کێشی سادە و کێشی لێکدراو.کێشی سادە ئەوانەن کە ترپەکانی بەسەر دوو بەشی یەکساندا دابەش دەبن بێئەوەی لە ترپەکە ماوە بمێنێتەوە.

کێشە سادەکان ئەمانەی خوارەوەن:

دووچوار ، واتە دوو ترپە لەیەک باردا ترپەی یەکەم بەهێز و ترپەی دووەم بێ هێز دەبێت.


سێ چوار، واتە سێ ترپە لەیەک باردا ترپەی یەکەم بەهێز و ترپەی دووەم و سێیەم بێ هێز دەبن.

چوار چوار ، واتە چوار ترپە لەیەک باردا ترپەی یەکەم بەهێز و ترپەی دووەم بێ هێز و ترپەی سێیەم ناوەند و ترپەی چرارەم بێ هێز دەبێت.


چوار دوو. واتە چوار ترپەی بلانش لە یەک باڕدا، ترپەی یەکەم بەهێز و ترپەی دووەم بێ هێز و ترپەی سێیەم ناوەند و ترپەی چرارەم بێ هێز دەبێت.

لێرەدا مەبەستی ئەم بابەتە ئەوەیە کە فێری ئەوە بین کە هەمیشە نۆتە و پشووی ناو بارەکان بە پێی ڕیبەری کێش کۆدەکرێنەوە و کلکەکانیان پێکەوە بلکێنرێت.

کە کێشی دوو چوار و سێ چوار ئەگەر ترپەی نوارەکە وردکرابێتەوە بۆ چوار کرۆش یان شەش کرۆش دەکرێت سەرچەم نۆتە کرۆشەکان پێکەوە کۆبکرێنەوە بەڵام لە کێشی چوار چوار ئەگەر بەشیوەی کرۆش بوو پێویستە هەشت کرۆشەکە بەسەر دوو کۆمەڵەی چوار کڕۆشی دابەش بکەین، ئەوەش بۆئەوەیە کە سەرەتای ترپەی سییەم کە ترپەیەکی مامناوەندە لە ڕووی هێزی ترپەوە بەدیاربکەوێت و ون نەبێت. بەم شیوەی خوارەوە.




لە کێشی سێ هەشت کاتێک کرۆشەکان بەسەر دەبڵ کرۆش دابەش دەبن واتە دەبنە شەش دەبل کڕۆش پێویستە کلکەکانیان بەم شیوازانەی خوارەوە کۆبکرێنەوە.




دەربارەی بەکارنەهێنانی پشووی گەورەتر لەیەک ترپە ، دوو خاڵی گرنگ هەن پێویستە پەیرەو بکرێن.


یەکەم/ دەکرێت لە کێشی چواریدا ئەگەر هاتوو ترپەی بلانشمان هەبوو بۆ ترپەکان یەکەم و دووم یان سییەم و چوارەم دابنرێت بەلام بۆ ترپەی دووەم و سییەم بابیت لەم حالەتەدا پیویستە ئەگەر پشومان دانا دوو پشووی نوار لە دوای یەکدی دابنێین بۆ ئەوەی بارەکە بەیەکسانی بەسەر دوو کەرتدا دابەش بێت بەم شیوەی خوارەوە.




لە گشت کێشەکان بۆ پشوودانی خانەیەکی تەواو پیویستە پشووی ڕۆند بەکاربهێنین. تەنها لە کێشی چوار دوو نەبێت کە دەکاتە جوار بلانش لە خانەیەک پێویستە پشوودانی خانەیەکی تەواو بە پشووی بریف بێت. کە چوارگۆشەیەکی تەواوە مەودای نیوان هێڵی سییەم و جوارەم پڕدەکاتەوە. بەم شێوەی خوارەوە.



له کێشی سیانیدا نابێت ترپەی دووانی بەکاربهێنی. بەڵکو پیویستە ترپەکان لێک جیابکەیتەوە و بە ترپەی سەربەخۆ بیاننوسی وەک ئەم نموونەی خوارەوە





بە کورتی بۆ تەواو کردنی خانە بەپشوو پێویستە ئەم یاسایانەی خوارەوە پەیرەو بکەین.

یەکەم/ پێویستە یەک ترپە بە پشوو تەواو بکەی ئینجا دەست بە ترپەیەکی دیکە بکەی.
هەروەها بەشێکی ترپە بە پشوو تەواو بکە ئینجا دەست بە تەواوکردنی بەشەکەی دیکە بکە.
بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستە سەرەتا سەیری ڕێبەری کێشی موزیکەکە بکەی کە بزانی چەند جەندە، چونکە کۆکردنەوەی ترپە و پشووکان لە هەر کێشێک بۆ یەکی دیکە جیاوازە.

پاشان جۆری دابەشبوون و وردبوونەوەی هەر ترپەیەک دیاریدەکەی.


گریمان دەمانەوێت ئەم خانەی خوارەوە کە هەندێک نۆتەی تێدایە بە پشوو پڕبکەینەوە.




بە هۆی ڕێبەری کێشەکەی کە سێ هەشتە بۆمان دەردەکەوێت کە لەم خانەیەدا پویستە یان یەک نواری خاڵدار هەبێت یان سێ کرۆش هەبێ یان دوو کرۆشی خالدار یان شەش دەبڵ کرۆش. یان چوار دەبڵ کرۆشی خاڵدار.

کەواتە با بێیین خانەکە بە پشوو تەواو بکەین. لەبەر ئەوەی سێ هەشتە، کەواتە ترپەکانی لە بنەڕەتدا سێ کرۆشن.


ئەو دەبڵ کرۆشەی سەرەتا نیوەی تیپەی یەکەمی پێکهێناوە بۆ ئەوەی ترپەیەک تەواو بکەین بە پشوو ئینجا بچینە ترپەکەی دیکە وەک باسمان کرد کەواتە نیوەکەی دیکە بۆ ترپەکە تەواو دەکەین بە دانانی یەک  پشووی دەبڵ کرۆش. لیرەدا ترپەی یەکەم کۆتایی هات. وەک لە خوارەوە دیارە.




ئێستا پێویستە بێین ترپەی دووەم بەپشوو پربکەینەوە. لەبەر ئەوەی ترپەیەکی سەربەخۆیە ، وە ترپەکەش بریتییە کە کرۆش بۆیە پیویستە ترپەیەکی کرۆشیش دابنێنین.  بەمەش خانەکەمان بە تەواوی بەشیوەیەکی دروست بە پشوو پڕکردەوە. وەک لە خوارەوە دیارە.




کەواتە دانانی پشوو بەم شێوازانەی خوارەوە هەڵەیە.




ئێستا با پێکەوە ئەم خانەی خوارەوە بە پشوو پڕبکەینەوە. و پشوەکان لە ناوەراستی خانەکە دابنێین.




ئەم خانەیەی خوارەوە بە پشوو پڕبکەرەوە پشووەکان لە دوای نۆتەکان دابنێ.



واجب/ ئەم خانە ناتەواوانەی خوارەوە بە پشوو پڕبکەرەوە پشووەکان لە پێش نۆتەکان دابنێ




ئەم خانە ناتەواوانەی خوارەوە بە پشوو پربکەرەوە پشووەکان لە ناوەراستی نۆتەکان دابنێ.




گۆرانە لە ناکاوەکان:- دێز بیمۆل ناچراڵ.

دەکرێت هەر نۆتەیەک نیو تۆن بەرز یان نزم بکرێتەوە بەهۆی بەکارهێنانی یەکێک لە هێماکانی دێز یان بیمۆڵ یان ناچراڵ، بۆ نمونە لەم ڕاهێنانەی خوارەوە نۆتەی دووەم لە باری یەکەم بریتییە لە فا دێز لە بەر ئەوەی لە ڕێبەری پەیژەدا هێمانی فا دیزی وەرگرتووە، بەڵام ئەم هێمای ناچرالەی کە بۆ نۆتەکەی کۆتایی بارەکە دانراوە کە بریتییە لە نۆتەی فا بۆتە هۆی ئەوەی کە نۆتەکە تیو تۆن نزمبکاتەوە و لە فا دێزەوە کردویەتی بە فا ناچڕال یان فا تەبیعی. واتە لیرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مەرج نییە تەنها هێمای بیمۆڵ نۆتە تیو تۆن نزمبکاتەوە بەڵکو لێرەدا هێمانی ناچڕال نۆتەکەی نیو تۆن نزمکردۆتەوە. بە هەمان شێوە لە باری یەکەمدا هەردوو نۆتە صۆڵەکە صۆل ناچراڵن، بەڵام لە باڕی دووەمدا صۆڵی یەکەم صۆل دێزە کە هێمای دێزی وەرگرتووە بەڵام صۆڵی دووەم لەبەر ئەوەی هێمای ناچڕاڵی وەرگرتوو صۆڵ تەبیعییە بەمەش بە هەمان شێوە لێرەش هێمای ناچڕال توانیویەتی نۆتەکە نیو تۆن نزم بکاتەوە.



ئەگەر هاتوو هێمای دێز یان بیمۆل یان ناچڕاڵ بە شیوەی لە ناکاو واتە لە پێش نۆتە دانرا لە ناو بارەکان، نەک لە ڕێبەری کێش ئەوە لەم حاڵەتەدا هەمان کاریگەری لەسەر نۆتەکانی دیکەش دەبێت لە هەمان باڕدا بەمەرجێک نۆتەکە هەمان چین بێت. وەک ئەم نمونەی خوارەوە لەبەر ئەوەی نۆتەکەی یەکەم کە فایە هێمای دێزی بە شێوەی لە ناکاو وەرگرتووە، نۆتە فایەکانی پاش خۆی بە هەمان شیوە بونەتە فا دیز چونکە هەمان چینیان هەیە واتە ئەگەر بێتوو بمانەوێت بیانکەینەوە بە فا ناچراڵ پێویستە هێمای ناچراڵ لەبەردەم نۆتە فایەکەی دووەم دابنێین بۆئەوەی ئیتر فایەکان ببتەوە بە فا تەبیعی.

وه پێویسته ئەوه كه ئەو فادێزەی كه له باری یەكەم دانراوه تەنها بۆ فایەكانی باڕی یەكەمە، واته شمولی باری دوووەم ناكات هەربۆیه له باری دووم لەگەڵ ئەوەی كه هەمان چین و نۆتەشه بەڵام دووباره هێمی دیزەكه له پێش نۆته فایەكه دانراوەتەوه. هەروەها تیبینی بكه كه له باری دووەم نۆته فایه بەرزەكه دووباره ئەویش هێمای دێزی بۆ دانراوه چونكه چینەكەی جیاوازە، كەواته ئەو دیزەی بۆ فاكەی خوارەوه دانراوه تەنها شمولی فەیەكەی خوارەوه دەكات و هەر نۆتەیەكی دیكەی فا له لەهەمان چینی خۆی دابیت.



ئەگەر هاتوو نۆتەیەكی به هێما جا دێزی وەرگرتبێت یان بیمۆڵ یان ناچڕال به هۆی سینكۆب كاتەكەی درێژكرابوویەوه، پیویست ناكات نۆتەی دووەم هێمای بۆ دابنریتەوه هێماكەی نۆتەی یەكەم هەمان كاریگەری لەسەر ئەویش دەبێت وەک ئەم نمونەی خوارەوه.




نۆتەی پاش سینكۆب پێویسته هێمای بۆ بنوسریتەوه ئەگەر له هەمان چینیش بێت وەک ئەم نمونەی خوارەوه.

